


# ساڵی نوێت پیرۆز

کاتژمێر میللی چرکەی

لە(12) تێ پەڕی

لەگەڵ یەکەم ساتی ساڵی نوێدا

ساڵێك لەتەمەنی تۆ دەڕوا

چەندەها ساڵیش

لە عومری من ... !

وەلێ چاوەڕوانی

چەند ئازارێکی نامۆیە ..

لە تەنیایی‌و بێ تۆیی دا ...

چرکە پڕ حەسرەتەکانی ژین

بە بێ ئەوەی

ئاوڕ لەژەمە تینووەکانی

ئەوینی من بدەنەوە ...

دێن‌و دەڕۆن

منیش لە چاوەڕوانی دا

هەر ساتێکم تەمەنێکە

هەر چرکەیەکیشم ساڵێکە ... !

وەرە با ئاسمانێك

لە دەریای خۆشی

چێ بکەین ...

بۆ بارانی ئەوینی ئەمساڵمان

گریانێک بۆ خۆشی

ئەشکە بێ ئارامەکانمان

ساز بکەین ... !

با برینی زامی سەختی

چاوەڕوانی

لە باوەشمان بتوێتەوە ...

تەمەنم نۆژەن بێتەوە

ئەو سا پڕ بە دڵ پێت دەڵێم

ئەی هەوێنی دڵەی پڕ سۆز

ساڵی نوێت پیرۆز ...

* * *

ساڵ هات و ڕۆیشت

هەموی لەتەمەنی من برد

هەرنە هاتی

بۆیە ماڵێکم

لە عیشق ساز کرد

ئەگەر هاتی

بەهێمنی لەدەرگادە

لە هەڵوێستم یاخی مەبە

وا بە پەلەش بڕیار مەدە

روخسەتێ لەمانگ وەربگرە

نەوەکو ئەستێرەکان پێت بڵێن

بەری ڕووناکیمان لێ مەگرە

ئەگەر هاتی

گوڵێک بدە لە پەرچەمت

با والا بێ

دوگمەکانی سینەی نەرمت
یەکەم دیاریم با ماچێ بێ
دەزانی بۆ؟
هەموو شتێ لە هزرم دا
سەرگوم دەبێ
تەنها یادی ماچێ نەبێ....

**Xamosh_s@hotmail.com**